# باسوپایەکی کوردستانیش لەپاڵ سوپای نوێی عێراقدا، دامەزرێت!

کاوە ئەمین

ڕۆژی پێنج شەمە (٢٠٠٣/٥/٢٢) سزا ئابووریەکانی سەر عێراق لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بەیەکجاری هەڵگیرا، ئەمەش دەرگایەکی نوێی بۆ هێزەکانی هاوپەیمان ئاوالا کرد، تا چاکتر بتوانن جێگا پێی خۆیان لە عێراق و باشووری کوردستاندا خۆش بکەن و بەشێوەیەکی فەرمیش دان پیانانێکی تەواوەتی شەڕی ئەمریکا و بەریتانیا بوو لەگەڵ عێراق، ئەو شەڕەی کە لەلایەن فەرەنسا و ڕوسیا و ئەڵمانیاوە بەتوندی دژایەتی دەکرا.

ڕۆژێک دوای لابردنی سزاکان لەسەر عێراق، ئەمریکا ئاشکرای کرد کە سوپای عێراق هەڵدەوەشێنرێتەوە، ئەمەش ڕاستەوخۆ مانای بێ کارکردنی ٤٠٠٠٠٠ هەزار کەس لەوانەش هەزاران دەرەجەدار و ئەفسەری سوپایی کە زۆربەیان تاوانباری جەنگن. لە جێگای سوپای کۆن، سوپایەکی نوێ بنیات دەنرێت کەتوانای پارێزگاری کردنی هەبێت. دیارە لە پارێزگاری مەبەستیان لە عێراقە و ئەو سوپایە نوێنەرایەتی هێزی پاراستنی عێراق و باشووری کوردستان بکات و بەشێوەیەکی نوێ ڕێک بخرێتەوە.

ئەوەی جێگای تێراونییە ئەوەیە کە باس لەو هەزاران چەکدارەی هێزی پێشمەرگەی پارتی و یەکیەتی نەکراوە و بەگوێرەی هەواڵێک کە لەنیورک تایمز دا بڵاوکراوەتەوە و لە سایتی کەرکوک کوردستانە بڵاوکراوەتەوە، کورد و ئەمریکەیەکان لەسەر ئەوە ڕێکەوتوون کە هێزی پێشمەرگە وەکو خۆی بمێنێتەوە بە تایبەتی لەو ناوچانەی کە پێش دەستپێکردنی شەڕەکە لەدەست پارتی و یەکیەتیدا بوون.

ئەگەر ڕێکەوتنێکی وا هەبێت و پارتی و یەکیەتی سوپایەکی کوردستانی مۆدێرنی ناحیزبی دامەزرێنن، سەنگی کورد لە ناوچەکەدا زیاد دەکات و تەرازوی بەرژەوەندی بەلای کورد دا دەشکێتەوە، بۆیە چاکتر وایە لەسێبەری ئەو قەیرانە سیاسیەی کە ئیمرۆ عێراقی پێدا دەڕوات، هەرچی زووترە هەنگاو بنرێت بۆ دامەزراندی سوپایەکی کوردی کە بتوانێت بەرژەوەندیەکانی کورد بپارێزێت، بەڵام لەژێر کۆنترۆلی هیچ پارت و ڕێکخراوێکدا نەبێت بەڵکو گوێرایەڵی پەرلەمان و حکومەتی ئایندەی کوردستان بێت. هیچ گومان لەوەدا نییە کە هەنگاوێکی وا دەبێتە هۆیی خۆگیڤکردنەوەی تورکیا و وڵاتانی تر، بەڵام ئەگەر ئەمریکیەکان بیانەێت تورکیا ناتوانێت هیچ کارێکی تێکدەرانە بکات، هەروەک دەزانرێت هێشتا شەڕ دەستی پێنەکردبوو کە تورکیا داوای چەککردنی هێزەکانی پارتی و یەکیەتی دەکرد، بۆیە مانەوەی هێزی کوردی شکستێکی ترە بۆ تورکیا و سەرکەتنە بۆ هەموو کورد.

www.kurdistanet.org

سوپای هەروڵاتێک بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی کە لەسەر بنەمای سیستەمێکی دیموکراتی بەڕێوە دەبرێن، ئەرکی سەرەکی پارێزگاری نیشتیمان واتە خاک و ئەمنیەتی ئەو وڵاتەیە و بەتەواوەتی بەگوێرەی بڕیارە سیاسیەکانی ئەو وڵاتە واتە پەرلەمان و حکومەت حەرەکەت دەکات، نەک بە پێچەوانەوە. ئەوەی کە ڕون و ئاشکرایە سوپای عێراقی بەیەکێک لە دڕندەترین سوپاکانی جیهان دەژمێردرێت بە تایەبتی لە پێشێلکردنی مافەکانی هاووڵاتیان. سوپایەک کە هەزارن گوندی کوردستانی کاول و وێران کردووە و بە سەد هەزار کەسی ئەنفال کردووە. هەزاران ئەفسەری عێراقی ڕاستەوخۆ بەشداریان کردووە لە کۆمەڵ کوژی کورد و بەرپرسیارن لە و هەزاران گۆڕە بە کۆمەڵەیانەی کە ڕۆژانە لە عێراق و کوردستاندا دەدۆزرێنەوە و دەبێت دادگایی بکرێن و بەرپرسیارێتیان پێ نەدرێت لە سوپای ئایندەی عێراقدا کە بمانەوێت یان نا، دادەمەزرێت و سوپایەکی گوێرایەڵی فەرمانەکانی ئەمریکا دەبێت هەرهیچ نەبێت بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ. ئەم سوپا تازەیە وەکو پاسەونێکی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە دەبن بە تایبەتی خلیجی فارس کە بە گەورەترین بەرهەم هێنەری نەوتی جیهان دەژمێردرێن.

ئەوەی کە گرنگە و پێویستە هەڵوێستەی لەسەر بکرێت کە ئەو سوپا نوێیەیی ئەمریکا لە عێراق دروستی دەکات بەرانبەر باشووری کوردستان چ دەورێکی دەبێت و کورد چ ڕۆڵێکیان دەبێت لەو سوپایەدا؟ خۆ ئەگەر دوو سوپای نوێ واتە عێراقی و کوردستانی دامەزرێن، گەلێک کێشە لەکۆڵ عێراق و کوردستان و تەنانەت ئەمریکاش دەکاتەوە.

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت